**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٥٨٨٦ لە ٢٠٢٤/٦/٤**

دوا بە دوای بەیانمان ژمارە (ای سـالّی ٢٠١٨) ی تایبەت بە دابەزانندنی دەسـەلاتەکان بۆ پاریزگارو سـەرپەرشـتیار ی ئیدارە سـەربەخۆکان کە لە ژمارە (٢٢٠لە ٢٠١٨/١/٢٤) ڕۆژنامەی وەقایعی کوردسـتان بلاوکراوەتەوە و هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (ای سـالّی ٢٠١٨) بەیانمان ژمارە (٣ی سـالّی ٢٠١٩ ) ولەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا بە : هەموارکردنی بەیانی سەرەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

**بەیانی ژمارە (٨)ی سالّی ٢٠٢٤**

**هەمواری دووەمی بەیانی تایبەت بە دابەزاندنی دەسەلاتەکان**

**بۆ پارێزگارو سەرپەشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ژمارە (١)ی سالّی ٢٠١٨**

**یەکەم:**

زیادکردنی بڕگە (٣١) لە دەسەلاتە کارگێرییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

٣١- دانانی ئەفسـەران و فەرمانبەران لە پایەکان بەپێی میلاک و پەیکەری رێکخسـتنی پەسـەندکراوی پاریزگا و ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت ڕەچاوی پلەی سەربازی و وەزیفی و ئاستی خوێندن بەتایبەتی بۆ لێپرسـراوی بەشـەکان بکرێت کە نابێت خوێندنیان لە ئاسـتی بڕوانامەی دبلۆم کەمتر بێت سەبارەت بە بەشەکانی ژمێریاری و وردبینی دەبێت پسپۆری ژمێریاری هەبێت ، لە حاڵەتی نەبوونی دەرچووی بەشی ژمێریاری ئینجا دەرچووی پەیمانگا یان ئامادەیی بەشی ژمێریاری دابنرێت )

**دووەم:**

ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچوونیەوە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بلاودەکریتەوە

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**